# مۆدێرنێتە، پۆست مۆدێرنێتە، ناسیۆنالیزم
# لە دیدی
# دکتۆر عەباسی وەلی*

**دیمانە:**
**ئازا حەسیب قەرەداغی**

ئەو کاتەی بەسەردانی یەکەمجاری هاتبووە هەولێر، دیمانەیەکی چەند سەعاتیم لەگەڵ بەڕێزیاندا ساز کرد، ئەو بەرهەمە مابۆوە تا ئەم گۆڤارە کەوتە سەر دەرچوون و برای بەڕێزم کاک دلاوەر هاریکاری زۆری کردم کە گفتوگۆیەکە لە کاسێتی ریکۆردەرەوە بخەینە سەر لاپەڕە و ئەمەی لێ دەرچوو کە ئێوە دەیخوێننەوە.

نەک ئەوەندە چەند ئەوەندەی دیکەش لەگەڵ د. عەباسی وەلیدا دابنیشیت هێشتا بابەت و مەسەلەگەلێک دەمێنن لە بوارەکانی فەلسەفە و فیکر و کۆمەڵناسی و سیاسەتدا کە قسە و باسی بە پێزیان لەبارەوە بکەیت و هێشتا دەرگاکانیش هەر بە والایی بمێننەوە بۆ هەوڵ و ئیجتیهادی دیکە.

ئەم گفتوگۆیە چەند تەوەری سەرەکی تێدایە بریتین لە: چەمکی مۆدێرنیتە، عەلمانییەت، ئینتیما، ئازادی تاک، کۆمەڵگا رۆژهەلاتی و ئیسلامییەکان و مۆدێرنێتە و مۆدێرنیزەبوون، پۆست مۆدێرنیزم، ململانێی نێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتە، ناسیۆنالیزم، ناسیۆنالیزم و ئازادی، بەستنەوەی ناسیۆنالیزم بە دیموکراسی و هاوولاتیبوونەوە، ناسیۆنالیزم و دەسەلات، ناسیۆنالیزم لە کوردستان.

*** چەمکی مۆدێرنێتە چۆن شی دەکەنەوە؟**

– لە ئەساسدا، دەبێ وادەست پێ بکەین، بڵێین کە تەعریف و پێناسەیەکی جێگیر و یەکگرتوو بۆ مۆدێرنێتە نییە و، مۆدێرنێتە تەعبیر و تەفسیری زۆر لە سەر کراوە، بەلام بەشی زۆری ئەو تەعبیر و تەفسیرانە ئیشارەو ئاماژە بە یەک مەتڵەبی ئەسڵی و ئەساسی دەکەن ئەویش ئەوەیە، کە مۆدێرنێتە گرنگی بە سەروەری عەقڵی ئینسان دەدات و، باوەڕی بەوەیە، کە عەقڵی ئینسان دەبێ ببێتە ئەساسی رێکخراوو، ستراکتۆرێکی کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی لە کۆمەڵگای ئینسانیداو ئەو سەروەری عەقڵە لە ئەساسدا، مەسەلەیەکی ناوەندگیری مۆدێرنێتەیە، بەلام بەم هۆیەوە، واتە بەهۆی ئەو کارەی لەسەر عەقڵی دەکەن.. ئەگەروا فیکر بکەینەوە کە مۆدێرنێتە، فەرقێکی لەگەڵ عەقلانییەت یان راسیۆنالیزمی فەلسەفیدا نییە، نا ئەوە دروست نییە، راسیۆنالیزمی فەلسەفی زۆر کۆنترە لە مۆدێرنێتە ئەساسی دەچێتەوە سەر رۆماو یۆنانی کۆن، بەلام راسیۆنالیزمی مۆدێرنێتە، دەگەڵ راسیۆنالیزمی فەلسەفی پێش مۆدێرنێتەدا فەرق و جیاوازییەکی ئەساسی هەیە، ئەو فەرق و جیاوازییە ئەساسییە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە عەقڵی مۆدێرنێتە پێوەندییەکی راستەوخۆی دەگەڵ مەسەلەی ئازادی هەیە، یانی راسیۆنالیزمی یۆنانی باستانی کۆن هیچ پێوەندییەکی بە مەسەلەی ئازادی و چەمکی ئازادییەوە نییە و فەلسەفەی

یۆنانی بەو شێوەیە نەبووەو پاشان بە تەرتیبی دیکە باسی ئەم مەتڵەبەی کردووە، وەلێ بۆ جاری یەکەم ئەوە لە مۆدێرنییەتدایە کە لە دەورەیەکی (کە پێی دەڵێن دەورەی رۆشنگەری)، ئەو پێوەندییەی نێوان عەقڵ و ئازادی لەوتاری تیۆری فەلسەفی لە مێژوودا بەرقەرار دەکرێ، بۆ نموونە ئاماژە دەکەم بە وتارێکی بەناوبانگی ئیمانیول کانت (کە فەیلەسوفێکی بەناوبانگی ئەڵمانیاییە) لە باسەکەی خۆیدا لە (رۆشنکەری چییە؟) ئەو پێوەندییە ئەساسییەی نێوان عەقڵ و ئازادییە بەرقەرار دەکا، ئەویش ئاواییەکە دەڵێ رۆشنگەری ئەوەیە کە ئینسان لە دەورەی نابالغی خۆی دەردێ و بالغ دەبێ، هەروەها بلوغی ئینسانیش بەپێی تێروانینی کانت ئەوەیە ئینسان دەبێتە تابعی عەقڵی خۆی و هیچ سەیتەرەی دیکە جگە لە سەیتەرەی عەقڵی خۆی لەسەر نامێنێ، یانی ئەو ئینسانە لە دەورەی نابالغی خۆی دەورەیەکی کە عەقڵەکەی تابعی ئۆتۆریتەیەکی دەرەوەی خۆی بوو، دەردەچێت، هەڵبەتە لێرەوە ئۆتۆریتەی دەرەوەی خۆی، کە لێرە زۆربەی ئۆتۆریتەی سیاسی و شەرعیەتی ئیلاهی هەیە کە لە پێشدا هەبووە جا بۆیە کانت لە باسەکەی خۆیدا، بلوغی عەقڵ پێوەندی لەگەڵ ئازادبوونیدایە، ئەم ئازادبوونە هەم لە بەشێکی ژیانی تایبەتی و شەخسیدایە، وەلێ زۆرتر لە ژیانی گشتی یان سیاسیدایە، بۆیە ئەوەی لێرەدا مەبەستە لە ژیانی گشتی (عمومی)، عەقڵی سیاسی، پرۆتۆلیکزن، کە پرۆتۆلیکزن گرنگی بەوە دەدات کە رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی تایبەت بە شێوەیەکی بێنێتە پێشێ، کە ئەو عەقڵە بەرەو ئازادی دەچێت، ئینسان لە سەیتەرەی ئەو هۆکارانەی کە لە دەرەوەی خۆیەتی، ئازادبێ.

*** پەیوەندی لەنێوان مۆدێرنیەت و عەلمانیەت چۆن سیاغە دەکەیت؟**

– مۆدێرنێتە بەشێوەیەک دەست پێ دەکات کە گرنگی بە سەروەری عەقڵ دەدات و دژایەتی لەگەڵ هەر جۆرە غایەتێکی ئایینی دەکات کە لە دەرەوەی سنووری عەقڵە،

ئەوەش دژایەتییە لەگەڵ شەرعیەتێکی سیاسی و ئۆتۆریتەیەکی سیاسی ئیلاهی، ئینجا ئەگەر وردبینەوە، فەلسەفەی مۆدێرنێتە لە سەدەی شانزە بەم لاوە، گرنگی بەوە دەدات کە لە پێشدا بنەمایەکی عەقڵانی بە مەزهەب بدات، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە تەماشای کاری فەیلەسوفی سیاسی سەدەی حەڤدەی بەریتانیا بکەین (تۆماس هۆبز)، هۆبز هەوڵ دەدا بە سوود وەرگرتن لە تیۆرەریەکی فەلسەفی کە پێ دەڵێن نامینالیزم، بنەمایەکی راسیۆناڵ بدات بە مەزهەب، (ئەویش، واتە نامینالیزم ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەو تەسەورەی کە دەڵێن، بونیادی گشتی ژیانی ئێمە لە دنیادا و پێوەندی نێوان ئێمە و ئەو شتانەی کە لە دنیادایە، هەمووی بەشێوەیەکی ئیلاهییە و مانایەکی ئیلاهی دەگەیەنن، وەک ئەوەی کە ئێستاکە مەزهەبە ئیسلامییەکان دەیڵێین، خیلقەت راشیۆنالیەتی خۆی هەیە، ئەو راشیۆنالیەتیەش دیاری دەکا کە پێوەندی ئینسان دەگەڵ سروشتدا و سروشت لەگەڵ ئینسان و، بابەتگەلی دیکەی ناو کۆمەڵگادایە کەچی نامینالیزم دەڵێ کە وانییە، ئەو جۆرە فیکرکردنەوە لە هەقیقەت، بەهای ئیلاهی دەهێنێتە خوار، خودا کاری بەوە نییە کە تەرتیبی ئەوانە بۆ ئێمە بدا، خودا لە مەوقیعیەتێکی بەرزدایە، یانی خودا دەبێ بچێتەوە سەر جێگای خۆی و ئیتر ئێمە خۆمانین قەرار دەدەین ئەو پێوەندیانە چۆنن، ئەو پێوەندیانە ناو لێ دەنێین یان ئەو پێوەندیانە دیاری دەکەین، هەر لەبەر ئەوەیە کە سازمانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و خانەوادەو ئەوانەش کە هەن، ئەوانە دروستکراوەی خۆمانن، خودا کارێکی بەوەی نییە، خودا تەنیا لەسەرەوە هیدایەتی جەمعی بەشەری دەدا، ئەو کارێکی بەوە نییە سازمان چۆن دەڕوا و چۆن ژیانی خۆمان رێک بخەین، بەو کارەی هۆبز دەیکا کە نامینالیزم بەڕێوەی دەبا مەزهەب ببێتەوە راشیۆناڵ و خودا بچێتەوە سەر جێگای خۆی کە لە ئاسماندایە، و ئێمەش کاری خۆمان بۆ خۆمان بکەین، نە ئەو لە ئۆتۆریتەی بێتە خوارێ، نە ئێمە

موشکیلەیەکمان لەوەیدا هەبێ کە عەقڵی خوا بەکاربهێنن و ئەو تەرتیبەی بکەین، بۆ نموونە لوتکە ئەو عەقلانی کردنی بنەما مەزهەبییە لە هێگڵدایە، هێگڵ لەو شتەدا زیادەڕەوی دەکا کە بتوانێ تا ئەو جێگەیەی کە دەتوانێ بنەمایەکی راسیۆناڵ بدا بە ئایین و دینی مەسیحی، جا لە سەرەتای مۆدێرنێتەدا، بۆ نموونە گەر بڵێین لە فەلسەفەی سیاسیدا، لە میکاڤیلی دەست پێ دەکا دێتە سەر هۆبز و بەردەوام دەبێ دێتە فەلسەفەی فەرانسەوی و رۆسۆ و مۆنتسکۆ و جان لۆک و تادەگاتە هێگڵ و پاش ئەو کانت و پاشان مارکس و کاتێ سەرنج دەدەین لە سەرەتای مۆدێرنێتەدا کە حساب لەسەر ئەوەی فەلسەفە تەعبیرێکی فەلسەفی تێدا بێ بۆ شتەکانی ئەوەیە کە بیهێنن مەسەلەی گشتگیر بوونی بکەینە پایەیەکی ئەساسی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسی، ئەوەش کێشە نییە، بەڵام ئەوە دەگاتە جێگایەکی کە لاواز کردنی بنەمای مەزهەبی لەگەڵ بەرزکردنی بنەمای عەلمانی، بە جێگایەکی دەگا کە لەوێ عەلمانیەت دەبێتە ئامرازی ئەساسی شەرعیەتی سیاسی، ئەوە بۆ نموونە دەتوانین بڵێین تا ناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدە، بەبێ ئەوەی کە تەفسیرێکی ئەساسی لەگەڵ بکرێ یان کۆنترۆڵێکی ئەساسی لەسەر بکرێ، دەچێتە پێشێ، وەلێ لەپڕا دەبینین کەسێکی وەکو کانت، دەیەوێ ئەو پرۆسەیە راگرێ، دەیەوێ پێشی بەوەی بگرێ کە عەلمانیەت ببێتە شتێکی موتڵەق، ببێتە ئامرازێک بۆ شەرعیەتی سیاسی، تا ئەو ڕادەیە کە هەر شتێک دەگەل ئەودا بەراورد بکرێ و دەرکەوێ کە لە دەرەوەی بازنەکەیەتی، ببێتە غەیر شەرعی، ئەوەی مەبەستمە لە وشەی شەرعیەت، موعادیلی و شەی ئینگلیزی (tinesi Des) بەکاردێت، هەر شتێکی کە لە دەرەوی ئەوە بێت نا شەرعیە، غەیر مەشروعە، بەڵام هەدەفی ئەسڵی کانت لێرە چییە، ئەوەیە کە سەبر سەبر ئەوەی کە سەروەری عەقڵ، عەقڵی ئینسان، ئەگەر حدود و سنوری بۆ دابنێ، ئینسان تووشی کێشەی گەورە دەکا بۆ جاری یەکەم دەبینین لە زەمانی

ڕێنیسانسەوە کانت بە تەرتیبێکی زۆر قوڵ مەزهەب دەێنێتەنێو عەقڵ، ئایینی دەگەڕێنێتەوە ئەوێ، بەو شێوەیە نابێ ببێتە مەقولەیەک یان شتێک بۆ شەرعیەتی سیاسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە جۆرێک سنووری ئەخلاقی بۆ کارکردنی عەقڵی ئینسانی دامەزرێنێتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەو کارەی کانت دەیکا لە هەقیقەتدا ئەوە نیشان دەدا، کە کەسێکی وەکو کانت سەبر سەبر لە مەترسییەکان و خەتەرەکانی عەقڵی بێ سنور ئاگاداربوونەتەوە، بۆیە بە جۆرێک ڕێسایەکی ئەخلاقی و مەزهەبی دەهێنێتەوە کە حدود و سنوری ئەو مەسەلەیە تەعریف بکا، ئەوە لە فەلسەفەی کانت، لە کتێبێ ئەساسی کانت بەناوی (ڕەخنە لە عەقڵی رووت)، ئەو لەوێدا لەو مەسەلەیە زۆر بە درێژی دەکۆڵێتەوە، با بێینەوە سەر مەسەلەی عەقلانیەتی، مەسەلەی عەلمانی بوون چەمکێکی ئەساسی مۆدێرنێتەیە، بەڵام عەلمانی بوون بە باوەڕی من نابێ ببێتە سەبەبی ئەوەی کە ئێمە مەزهەب بەعینوانی مەقولەیەکی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەفز بکەین، عەلمانی بوون نابێ ببێتە سەبەبی ئەوەی کە ئێمە هیچ جۆرە حدود و سنووری ئەخلاقی یاخود تەنانەت قانوونی و حقوقی بۆ کارکردنی عەقڵی ئینسانی دابنێین، جا عەلمانی بوون زۆر گرنگە ئەگەر بنەماکانی تێزی کۆمەڵگای مەدەنی بزانین کاتێ عەلمانی بوون دەبێتە ئامرازی شەرعیەتی سیاسی، ئەوە موشکیلەیەکی دێنێتە پێشێ، موشکیلەکەش ئەوەیە کە ئەوە تەنیا جێگای بۆئەو جۆرە گوتارە یان پراکتیکە سیاسییە دەیلێتەوە کە دەگەڵ ئوسوڵی عەلمانیەت یەک بێ ئەوانی دیکە ڕەفز دەکات، کارێکی ئاوا لەگەڵ پلۆرالیزم، نانیۆمالیزم و دیموکراتیک تەبا بوو موخالیفەتی هەیە، یانی ئێستا کە بچینە ئەو مەسەلەی ئەو دەوڵەتەی کە ئیشارە دەکەم لەوێدا عەلمانیەت ئامرازی شەرعی جدی سیاسییە، فەرەنسا لەسەر ئەساسی قانوون و بە ئاماژەکردن بە مەبنای دەستووری خۆی ئەوە ئیعلان دەکا کە نابێ کچە موسڵمانەکان لە فەرەنسا پەچە ببەستن، لە بەریتانیا وانییە، ئینگلیز لەو ڕووەوە

دیموکراتیک ترە، لە فەرەنسا عەلمانی بوون بووەتە چەمکێک کە شەرعیەتی سیاسی ئەم دیاری دەکا، وەختێک کە کچێکی ١٥ساڵەی جەزایری لە پاریس حیجاب بکا، چ لە مەدرەسە چ لە شوێنی کارکردن، لەوێ بەو مانایە دێت کە کچە بچکۆلەیەک قانونی ئەساسی فەرەنسا ئیلغا دەکا، بۆیە دژی ئەوەن و نابێ وا بگەڕێ، بۆچی وایە، چونکە ئەوە شەڕ لە دژی شەرعیەتی سیاسی دەوڵەتی فەرەنسا دەکا، ئینگلتەرا وانییە، دەبینێ هێزێکی پۆلیس دروست دەکەن، لەناو ئەم هێزە سیغی تێدایە کە عەمامە دەبەستن ئینگلیزی نابێ بەو بڵێی تۆ هەقت نییەو ئەگەر دەبیتە پۆلیس نابێ شتی وا ببەستی، تۆ جلی پۆلیس لەبەر دەکەی، رەنگی عەمامەکەت با لە رەنگی کڵاوی ئەفسەربێت، عەمامەکەی ئەو موشکیلەی توش ناکا، گرفت بۆ دەوڵەتی ئینگلیز دروست ناکا.

– بەڵام دکتۆر فەرەنسییەکان دەڵێن ئێمە دەمانەوێ هاووڵاتیان هیچ رەمزێکی ئاینی جیایان نەکاتەوە لەیەکتری، ئەوان هاووڵاتین یەک ئینتیمایان هەیە، ئینتمایەکیان هەیە بۆ...

*** ئەوە دروستە، و ناکرێت هیچ جیاوازییەک، هیچ شکڵێک یان دیاردەیەکی وا دابنرێ کە ئەم هاووڵاتیانە بەهۆی ئاینەوە لە یەکتری جیابکرێنەوە، و ئەو قانونەی دەریانکرد، تەنیا موسڵمانی نەگرتەوە بەڵکو مەسیحی و یەهودیەکانیشی گرتەوە.**

بە باوەڕی من ئەوە هەڵەیە، ئەگەر ئێمە ئەوە قبوڵ بکەین، ناتوانین بۆ نموونە موخالەفەت لەگەڵ جمهوری ئیسلامیش بکەین، چونکە جمهوری ئیسلامیش ئایین دەکاتە ئامرازی شەرعیەتی سیاسی، دەڵێ هەموو ژنێ دەبێ پەچە بەسەریدا بدا، تەماشاکە، هەم جمهوری ئیسلامی و هەم فەرەنسا، ئەم سەر بە ئایینەو ئەویان عەلمانیە، موشکیلەی ئەساسی بۆ پلۆرالیزمی دیموکراسی دێنێتە پێشێ، ئوسولی بەسەر هاووڵاتییاندا بیسەپێنێ، کە من لباسی چۆن لەبەر دەکەم یان لباسی چۆن

لەبەر ناکەم، ئەمە مەبەستم ئەوەیە کە ئەمن نابێ خراپ لێم تێ بگەن، من پشتیوانی عەلمانیەتم، عەلمانیەت زۆر باشە، عەلمانیەت دەرسێکی ئەساسییە کە من لای خۆمەوە دیفاعی لێ دەکەم، وەلی عەلمانیەت نابێ ببێتە تەنیا ئامرازی شەرعیەتی سیاسی، چونکە گەروابێ ئەو فرەیی و پلۆرالیزمی دیموکراسییە تووشی گرفتی خراپ دەبێ....

*** بەڵام عەلمانیەت، عەقیدە و ئایین و...هتد، جێ دەهێڵێ بۆ ئازادی تاکەکان، بۆ خۆیان چۆن ئازادبن بڕوایان هەبێ و، سروشەکان پەیڕەو بکەن!.**

– بەڵێ، عەینی ئەوەی کە لە تورکیا دەیبینین، ماوەیەک لەمەوپێش، دووسێ ساڵ لەمەوپێش وەختێکک کە حیزبەکەی ئیسلامی، ئەوەی کە لەپێش فەزیلەت، نوێنەری خۆیان بۆ پەرلەمان، یەکێکیان ئافرەت بوو، حیجابی پۆشی بوو کە چووە پەرلەمان و موشکیلی هاتەپێش.. چونکە حیجاب پۆشینی ئەو موخالیفی قانوونی ئەساسییە، وەلی عەینەن ئەو دیموکراسیەی لە تورکیا هەیە، بزانە چۆنە، لە تورکیا قانونی ئەساسی دیموکراتیکە، وەلی ئەوە ناڵێین کە ئەم دیموکراتییە تەنیا ئەو کەسانەی کە هەویەی تورکی قبوڵ بکەن، تورکێک وەڵامت دەداتەوەو دەڵێ نا ئەوە هەویەی میللییە، باشە، دەڵێی ئەوە چۆن بووەتە هەویەی میللی، وەختێکی کە هەویەی میللی دەسەڵاتی سیاسی لەپشت سەرییەوەیەتی؟! تەواوی ئەو کەسانەش کە لە تورکیان بۆ ئەوەی بە عینوانی هاوولاتی لە تورکیا هەبن دەبێ هەویەی خۆیان بگۆڕن و، هەویەی میللی تورکیە قبوڵ بکەن، ئەوە دیموکراسیی نییە.

*** باشە دکتۆر هەر لەو سیاقەوە بێین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلام نشین، پەرەسەندنی مۆدێرنێتەو، بە مۆدێرنیزە بوون و چۆن دەبینن؟**

– ئیسلام، وەکو هەر ئاینێکی دیکە، مەجموعەیەکە لە وتاری ئایینی یاساگەلێکی هەیە، ئسلوبێکی هەیە، جەمعێ لەوانە لە ئایەتەکانی قورئان و لە حەدیس و سوننە و

ئەوانەدا بوون و لە مەجموعدا وەکو تێکستێک وان، کە ئێمە دەڵێین شەریعەتی ئیسلامە، باشە ئەوە تێکستێکە کە چەندین بەشە، بەشێک لە قورئانە، بەشێک لە حەدیسی نەبەوی و بەشێک لە سوننە و بەشێکیش لە دوایدا ئیمام شافیعی دایناوە..

لە مەجموعدا دەڵێم کە ئەوە گشتێکە کە ئسولە، بە گوێرەی قسەی ئێمە مەسەلەی ئەساسی ئەم ئسوڵە نییە، بەڵکو مەسەلەی ئەساسی ئەوەیە، کە چ تەفسیرێک لەو ئسولانە هەیە، ئەوە موهیمە، کە دیمەوە سەر ئەو بەحسە فەلسەفییە، کە ئێمە تێکستێکمان دەوێ، ئەوە بۆ خۆی شتێکە، وەلی ئەو تێکستە دەتوانرێ سەد هەزار تەفسیری لەسەر بکرێ، ئیسلام دەتوانرێ تەفسیری پێ بکرێ بۆ نموونە تەفسیرێک کە ببێتە بنەمای سۆفیگەریەکی ئینسان دۆستانە وەکو ئەمەی لە ئەشعاری جەلالەدینی رۆمی یان بەڵخی دا هەیە... ئیسلام بتوانرێ تەفسیرێکی پێ کرێ وەک ئیمام محەمەدی غەزالی لە ئسلوبی سیاسەت داو، ئیسلام دەتوانرێ تەفسیرێکی پێ بکرێ وەک ئیبن تەیبە کە ببێتە ئسلوبی کاری بەهاگیر، یانی مەبەستم ئەوەیە کە هەر تێکستێک دەکرێ بێ نیهایەت تەفسیر بکرێ. هەر تەفسیرێکیش تابعی هەلوومەرجو هۆی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خۆی بێ .. جا ئەوەی کە ئەو تەفسیرەی لێ دەکرێ، ئەو دەم وەک حاڵەتێکی ئایدۆلۆژی لێی دێ، هەندێ لەو تەفسیرانە دەتوانن خۆیان بدەنە قەرەی ئسوڵی دیموکراتیک.. بۆ نموونە من ئاماژە بە وەزعی تورکیا دەکەم، تورکیا حکومەت و کۆمەڵگایەکی عەلمانییەو بەلام دەبینی لەوێ حزبی ئیسلامی حاکمە و حزبی ئیسلامیش موشکیلەی لەگەڵ عەلمانیەت نییە، موشکیلەی لەگەڵ هەڵبژاردنی ئازاد نییە، ژنی سەرۆک وەزیرانی تورکیا کە لەلای رادەوەستێ، پاڵتۆکەی خۆی بەسەر ئەودا دادەنێ، لەو باوەڕەدام بۆ خۆی نابێ لە رستۆران و لە شەقامەکان نان بخوا و بگەڕێ.. ئەمن لێرەدا ئەو تەفسیرەی

ئیسلامی موغایر (ناجۆر) لەگەڵ ئەوە نابینم، وەلی ئێمە تەفسیرێکی دیکەشمان بۆ ئیسلام هەیە ئەویش تەفسیری عەرەبستانی سعودی یان بن لادن کە پەروەردەی ئەوە.. کە دەچێتەوە سەر تەفسیرەکانی ئەو سەلەفیانە... بەڵێ ئەوان جۆرێکی دیکەی مۆدێرنییەتەن، ئیسلامی ئەوان موتڵەقەن بێ ئوسوڵە.. جا مەبەستم ئەوەیە ئەوەی رۆشنبیرە دەبێ ئاگایان لەوەبێ تەفسیری زاتگەرایانە بۆ ئیسلام نەکەن. سەلەفی دەبێت دیموکراسی بخوێنێتەوە، لانی کەم تەفسیرێکی بۆ دیموکراسی هەبێت، ئەوەی لەسەر تورکیاش گوتم، بۆ نموونە با تەفسیرێک بێت بۆ دیموکراسی و دەتوانرێت تەفسیرێکیش هەبێت کە لەگەڵ هیچ تەفسیرێک لە یەکنەگرێتەوەدیموکراسی، جا بۆیە، ئەمن موخالیفی ئەوەم.. یا ئەوە تەفسیرێک و بۆچوونێکی ئیسۆشالیستییە مەبەستمان ئەوەیە بڵێین ئیسلام خاڵێکی جیاکەرەوەی هەیە، ئەساسەن لەگەڵ هەر حەرەکەتێکی دیموکراسی موخالیفە، نموونەیەکی دیکە دەهێنمەوە، ئەگەر بێین و سەیری مێژووی مۆدێرنی ئێران بکەین، شۆڕشی مەشروتەی (مشروطە)ی تێدایە، تەماشا دەکەین لە سالانی (١٩٠٥ و ١٩٠٦)و تەقریبەن لە دە ساڵی پێش ئەوەش، زانای زۆر چالاک نو حەرەکەتێک دەکەن، ئەساسی ئەو حەرەکەتەیە کە شەرعیەتێکی نەتەوەیی تازە بدەن بە سیاسەت، دەسەڵاتی پاشا مەحدود بکەن، حکومەت ببێتە هەڵبژاردن، دەبینی عولەمای گەورە هەموویان پشتیوانی لەوە دەکەن، چونکە لای ئەوان ناشێ دەسەڵات عولەما وەک لە قانوونی ئەساسی و لە دەستوری ١٩٠٥دا هاتووە تەنیا مەحدود بێ بەوەی کە دەبێ شەرعیەت بدەن بە قانونی عەلمانی کە لە دەوڵەتدا هەیەو بیسەلمێنن هەرچەندە لەگەڵ ئسوڵی ئەساسی ئیسلامییەکەیان نییە، بۆ نموونە، دەوڵەت دەتوانێ کارخانەی ئەلکهول سازی دروست بکات یان نا، دەوڵەت دەتوانێ باج لە مەشروب خانە وەربگرێ یان نا، و ئەو جۆرە شتانە، یان بۆ نموونە هەندە قەوانینێک کە دەوڵەت دەتوانێ هەندێ کار بکا، کە حدود و سنووری موڵکیەتی

خسوسی بخاتەژێر چاودێرییەوە..

مەبەستم ئەوەیە لە (١٩٠٥ و ١٩٠٦)دا زانایانی شیعە خەڵکیان هان دەدا بۆ حکومەتی ئیسلامی، بەڵکو ئەساسەن بارودۆخ لای ئەوان بە حکومەتی عەلمانی مەشروتە راست دەبێتەوە، ئەوە تەفسیرێکە بۆ ئیسلام، تەنیا کەسێک موخالیفەت لەگەڵ ئەوە دەکا، شێخ تەوەللای نورییە.

*** باشە دکتۆر، جگە لە ئیسلام وەک ناسنامەیەک لەم ناوچەیە، کۆڵەگەی تریش هەن، ئەو کۆڵەگانە، کۆڵەگەی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ کەلتوور، ئەم کەلتوورە هەڵگری تایبەتمەندی ناسیۆنالیستی ئەو خەڵکانەیە لەم ناوچانە ژیاون، واتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە عەرەب، بە فارس، بە تورک و بە کورد... ئەو کۆڵەگە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە لە کوولتوردا هەن، ئێستاش کە دەبینین جگە لە ئیسلام، ئەوان پەیوەندییان بە پرۆسەی مۆدێرنیزمی کردنەوە چییە؟ و چۆن دەتوانن دەور بگێڕن؟**

- لێرە دەمەوێ بڵێم کە ئەو (بەدحاڵی بوونە)ە نەیەتە پێشێ، گوایە من موخالیفی ئەوەم کە ئیسلام بێتە ئامرازی شەرعیەتی سیاسی، مەبەستم ئەوەیە تا ئەو جێگایەی کە ئیسلام بەعینوانی مەقولەیەک یان بەشێوەی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەمێنێتەوە، بمێنێەوە، ئەگەر ئەوەی لەسەر سیاسەت وەک شەرتێکی ئسوڵی عەلمانی سیاسی قبوڵ بکا...

با بچینەوە سەر مەسەلەی دیکە، کە ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە پێوەندییان لەگەڵ مۆدێرنێتەدا چییە، لە ئەسڵدا وشەی ئایدۆلۆژیا لەگەڵ مۆدێرنێتەدا دێت، ئایدۆلۆژیا، بەو مانایەی کە وتارێکە، یان مەقولەیەکە، دیسکۆرسێکە، تەفسیری پرۆژەیەکی سیاسی دەکا، وەکو لیبرال، یان وەکو فاشیزم یان وەکو کۆمۆنیزم یان وەکو سۆسیالیزم و کۆنزمێرڤالیزم و فێمینیزم..، ئەساسی ئایدۆلۆژی تەنیا ئەوە نییە

تەفسیر لە دیاردەیەکی تازە بکا، بەڵکو بناغەو ئەساسی تیۆری ئایدۆلۆژیا مۆدێرنێتەیە، بەو مانایە کە ئایدۆلۆژیا چەمکێکە، هەمیشە باوەڕی بەوەیە کە فەرقێکی ئەساسی لەنێوان (ڤاهر) و (باگن)، لەنێوانی (ژات) و (دیاردە) هەیە هەربۆیە لە باسێکی ئەم ساڵانەی دواییدا کاتێ ئەو مەکتەبەی کە پێی دەڵێین (پۆست ستراکچرالیزم)، ئەوانە وشەی ئایدۆلۆژی زۆر زۆر کەم بەکار دەهێنن، وەلی لە جێگای وشەی ئایدۆلۆژی، وتاریا دیسکۆرسیان داناوە، و ئەوانەن بۆچوونێکی ئەنتۆلۆژیان هەیە کە لە فارسی پێی دەڵێین (هەستی شناسی)، ئەوانە باوەڕیان بەوە نییە کە ئەو دیسکۆرسە لەنێوان (ڤاهر) و (باگن)دا هەیە، جا وتار کاتێک لە سیاسەتدا بەکاردێت کە ئاماژە بە دیاردەیەک بکات ئەو دیاریدەیەی پێشتر ووتمان، لە کۆتاییدا ئەو دیاردەیە دەبێتە پرۆسەیەکی دایمی، چونکە ئەوان باوەڕیان بە (بوون)ە، بە مانای بوونایەتی، بوونایەتیش رەوتێکە، ئەو رەوتەش بابەتێکە لەنێوان یەکسانی و جیاوازی، جا لێرەدا تۆ هەر دیاردەیەک هەر چۆنێ بەشێوەی مەجموعەیەک لە یەکسانی و جیاوازی دەبینی، وەلی ئایدۆلۆژیاکان، لە ئەساسدا، یانی بەو مانایەی کە ئایدۆلۆژی ببێتە وتارێک یان جۆرە وتارێک کە دنیا تەفسیر دەکا. ببێتە ئەساسی رووداوێکی سیاسی، ئەو رووداوە سیاسییە، لە ئایندەدایە، گەر تەماشای هەر یەک لەو ئایدۆلۆژیانە بکەین، هەدەفی ئەساسی سیاسی، سیاسی ئەوان لە داهاتوودایە، بەڵام ئازادییەکەی دەبێ بخرێتە ژێر پرسیارەوە، لە بیرمان نەچێت ئەوە خۆی ئەسڵی مۆدێرنییەتە، ئایدۆلۆژیا مۆدێرنەکان هەموویان بەدەر نین لە تەفکیرێکی راسیۆناڵ، بۆ نموونە دەبینین فاشیزم و ناسیۆنال سۆشیالیستی ئەڵمانیا، بەتوندی لە ئەساسی تەکنۆلۆژیای مۆدێرنێتە سود وەردەگرن، ئینجا سەیر دەکەین عەقڵ بە تەواوی لە سنوری خۆی دوور دەکەوێتەوە.

لەهەمان کاتدا تەفسیری پەیوەندی نێوان ئینسان و دەوڵەت و ئینسان و دەسەڵات

و ئینسـان و سروشت تەفسـیری راسیۆنالْن(ئەمـە شـتێکی دیکەیە، دەکرێ باسی بکرێ)، بەڵام ئەو پرۆژەیە هەر بەردەوامە کە ئەو عەقڵە پەیوەندییەکی لەگەڵ ئازادی هەیە و عـەقـڵانیـشـە، بـەڵام بە تەفـسـیـرەکـانی پۆست سـتـرکـچـرالیـزم لە هـەمبـەر مـۆدێرنێتە، ئـەو رەخنەیەی کە لە مۆدێرنێتـە و عـەقڵ دەگیرێ و گـەیشـتـە ئەوەی بڵێ عەقڵ بۆ خـۆی بووەتە بنەمای عەدەمی ئازادی، نەبوونی ئازادی، سـەرکوتکردن... ئەو تەفـــســـیـــرە لـە ســـەرەتاوە هـەڵەبـوو، نەک هـەر هەڵـەش بوو، بـەڵکو بە بـاوەڕی من مـەترسـیشی هەبوو.. هەڵەیە کە نابێ بڵێین عـەقڵ پێوەندی لەگەڵ ئازادی هەیە، یان بڵێین نابێ سـوود لە رێکخـراوی سیـاسـی و کۆمەڵایـەتی بەو شـێوەیە کە مـۆدێرنێتـە دەمـانبـاتـەوە سـەر عـەقڵ وەرگـرین و لـە نوێوە دایبـمـەزرێنینەوە. لێرەوەیەو خـاڵی ئەساسی پۆست مۆدێرنیزم، کە رەتکردنـەوەی پێوەندی عەقڵ و ئازادییە یان پێوەندی عـەقڵ و پێشکەوتنی کۆمـەڵایەتی، یان ئەوەی کـە دەبێ لە ئایندەیەکی نزیکدا شـتێ بکا.. دەبێ ئـەوە بڵێم، پێش ئەوەی باسی پۆست مـۆدێرنیـزم لـە ئارادابێت، ئەمـە لە مەدرەسـەی فـرانکفۆرت لە ئەڵمانیا، مارکسیستەکانی وەک ئادۆرنۆ و هۆرکـهایمەر و مـارکـۆزەو..هتـد.. دەرگیـری ئەم بیرکـردنەوەیە بوون. بەتایبـەت چونکە ئەوانەش زۆر دەرگیری ئەوەبـوون کە فـاشـیزم و نازیـەت شکست بێنێ، ئەوان دێن، عـەقڵ و ئازادی دەخـەنە ژێر پرسـیـارەوە، بۆ نموونە، هـۆرکـهـایمـەر و ئـادۆرنۆ، دێنە سـەر ئەو بڕوایەی کـە عـەقڵ لە پرۆسـەی کـارکردنی خـۆیدا، لـە پرۆسـەیەکی درەخشـان و دەرکـەوتنیـدا، بـەرەو کاڵ بـوونەوە چووەو سیسـتـەمی سیـاسـی و کـەلتووری ئەسـاسـی عەقـڵانی خۆی لەنێـو دەبا. جـا بۆیە دێـین ئەمــە لە چوارچێـوەی تەفـسـیـرێکدا دادەنێن، بەنێـوی (دیالیکتـیکی رۆشنگەری)، گـەیشـتنە ئەم تەعبـیرە، عـەقڵ بـەرەو ئەوە دەبات، لەیەک کـاتـدا ئازاد دەبێت و پرۆژەی دیمـوکـراسی بێت، و هـەروەها بـنەمـای تـەکنۆلۆژی ئەساسی ئەو ئازادی و دیموکراسیەتە لەناو دەبا، ئاماژە دەکەم بە وەزعـی ئەڵمانیای

نازی یان ئیتالیا، یان لەوان موهیم تر ستالین، دەڵێین:

ئێمە نابێت تەفسیری ئیسشیۆنالیزمی بۆ هیچ قۆناغێکی مێژوویی بکەین و بڵێین، ئەساسی خودی مۆدێرنێتە واتە (عەقڵ) بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشت، ئەی کەواتە ئەو عەقڵەی کە ئازادی بڵاو دەکاتەوەو بۆ ئاوای لیهات .. بە بڕوای من بە باوەڕی هەندی کەسی دیکەش، ئەو جۆرە بۆچوونە دەرک دەکەن و دەزانن کە گرنگی چییە، راستە پێوستە ئەو پێوەندییەی نێوان عەقڵ و ئازادی بخرێتە ژێر پرسیار، دەزانن تا چ حەد دروست بوو تا چ حەد دروست نەبوو، وەلی ئەگەر بڵێین ئێمە قۆناغێکی پۆست مۆدێرنیتەمان هەیە، کە ئەساسی ئەو قۆناغەش ئەوەیە ئێمە هیچ باوەڕمان بە پێوەندی عەقڵ و ئازادی نییە، بەڵام مەسەلەیەک هەیە کە ئایا باوەڕەکەیان دروستە یان نادروستە، ئەوە مەسەلەیەکی سانەوییە، وەلی ئەگەر ئاوها بڵێین کە ئەو باوەڕنەبوونە بە پێوەندی نێوان عەقڵ و ئازادی پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نییە، بە باوەڕی من پۆست مۆدێرنێتە ئێمە توشی ئیستتشیالیزمێک دەکا، جا بۆیە بە باوەڕی من پێوەندی عەقڵ و ئازادی نابێتە کولیەتی ئیستشالیزمێکی چ مۆدێرن و چ پۆست مۆدێرن، ئێمە دەبێ ڕێگایەکی دیکە ببینینەوە، کە بتوانین پێوەندی نێوان ئەوانە چارەسەر بکەین. بە باوەڕی من دەبێ تەعبیرمان لە پێشدا بۆ مەسەلەی عەقڵ هەبێ، عەقڵ چییە؟ عەقڵ حدود و سنووری هەیە، کێ حدود و سنووری دیاری دەکا، بە پراکتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئەمڕۆدا، گوتار پراکتیکێکی سیاسییە کە بە عەقڵ تەفسیر بکرێ نە بە ئەساسی هەدەفێک کە لە داهاتوودایە، بۆ نموونە لە کۆمۆنیزمدا (کۆمۆنیزم یەکێکە لە ئایدۆلۆژیەکانی مۆدێرنێتە، هەر لە سوسیالیزم، سەرنج دەدەی.. ئێمە هەر کارێکی کە ئێستا دەیکەین، بۆ داهاتوو بە ئەساسی تەفسیر، ئاراستە دەکرێ، شەرعیەتی دەدرێتێ، چونکە ئێمە ئامانجێکی ئینسانیمان بۆ خۆمان داناوە بەنێوی کۆمۆنیزم، کە لە وێدا ئازادی موتڵەق

دەگەیەنێ، ئەو ئازادیەی کە کارەکانی ئێستا لێرە دەیکەین، تەفسیری دەکەین، بۆ نموونە ئەو کارانەی کە ستالین کردی ئەساسی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کشتوکاڵی سۆڤیەت تێکدا، لەسەرچی، لەسەر ئەوەی بەرهەم بچێتە سەر، لە نەزەری علمی کشتوکاڵی بە ئەساسی شێوازی کشتوکاڵی دنیابێت، مەبەست لەوەیە کە کاتێ ئەو تەفسیرە بکرێ کە ئەمە پراکتیکی سیاسییە حدود و سنووری ئازادی ئەو عەقڵە دیاری دەکا، ئازادی هیچ پێوەرێکی لە دەرەوەی ئێستا نییە، ئەگینا ناتوانین هیچ پێوەرێکمان هەبێت، وتاری ئازادیخوازانە یان پراکتیکی ئازادی خوازانە بە ئەساسی ئایدیالێک لە داهاتوودا، دادەنری جا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەوە، کە ئازادی پێوەندییەکی راستەخۆی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی هەیە، دەسەڵات ئەساسی ئازادییە، بەبێ دەسەڵات و ئازادی ناکرێ و ناتوانی شتێکی محاورە بکەی، ئێستاکە دەیکەی، بۆیە کە شەرعیەتی وەلی ئازادیخوازانە لە ئێستادایە...

*** جا ئایا پۆست مۆدێرنیزم ئەمە دەکا؟**

– پۆست مۆدێرنیزم نا، لە ئەساسدا مامەڵەی ئەوە ناکا، ئەوە تەفسیرێکی دیکەیە، بەباوەڕی من دەتوانی زۆر بە ئاسانی ئەو تەفسیرە لە کارەکانی میشیل فۆکۆ دەربهێنن، بەڵام بەباوەڕی من ئەوە غەڵەتە کە بڵێین میشیل فۆکۆ، فەیلەسوفێکی پۆست مۆدێرن بووە، نەخێر فۆکۆ باوەڕی بە پرۆژەی مۆدێرنێتە هەبووە، وەلی دەیگوت دەبێ پرۆژەی مۆدێرنێتە لەسەر ڕا دابمەزرێنێتەوە بە ئەساسی تەفسیرێک لە دەسەڵات تەفسیرێک لە ئازادی، تەفسیرێک لە پراکتیک و گوتار و شتی دی تەنانەت (ژاک دریدا)ش باوەڕی بە پرۆژەی مۆدێرنێتە هەبووە، دەبێ پرۆژەی مۆدێرنێتە دابمەرزێنرێتەوە، بەڵام ئەوانی دیکە، بۆ نموونە لیۆتار، بۆدریار، دەتوانی ئەوانە بە پۆست مۆدێرنزمی ئەساسی دابنێی، وەلێ کارەکانی فۆکۆ، یان دریدا، پۆست مۆدێرنەکان زۆر سودیان لێی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی پرۆژەکە بەرەو ئەو لایەنە

بەرن کە خۆیان دەیانەوێ، کەچی گەر کارەکانی فۆکۆ بخوێنینەوە، رەخنەی ئەساسی تێدایە لەسەر مۆدێرنێتە، تەواوی بنەمای ئەساسی کاری فەلسەفی خۆی لەوانە دەخوازێ، یان لەو رەخنانە دەردەهێنی، هەروەها دریداش، لەسەر ئەو باوەڕەبوو کە دەبێ پرۆژەی مۆدێرنێتە لەسەرڕا دابمەزرێنێتەوە، بەڵام بەداخەوە پۆست مۆدێرنیزمەکانی ئێمە (پۆست مۆدێرن لە دەستی سێیەم واتە، لە عەرەبی لە فارسیدا دەخوێننەوە) جگەلەوەش تەنیا بواری غەیری سیاسی دەیخوێننەوە، بۆ نموونە تەماشای کارەکانی فۆکۆ بکەن، کارە سیاسییەکانی، بەشی زۆری لەسەر مەسەلەی حاکمیەتی سیاسی، عەقڵی سیاسی، لەسەر مەسەلەی ئازادی حکومەتی (کە تەعبیرێکی تازە لە حکومەت دەکا)، حکومەت لەسەر حکومەت هەروەها گەر بگەڕێینەوە سەر کارەکانی دریدا، دەبینین دریدا دێتە سەر ئەوەی کە تێکرای کە زانستی ئەبستمۆلۆژی غەڵەت رەخنە لە ئەنتۆلۆژی یان لە ئەبستمۆلۆژیا بگرین، یان تیۆریەی زانین و مەعریفەت بگرین (کە تەواوی فەلسەفەی ئایدیالیستی لەسەر دانراوە).

ئەو دەڵێ، ئەبستمۆلۆژی بە غەیری بوونی و ئێستا و ئامادەو سازدانی ئەبستمۆلۆژیانە، فەلسەفەی حزورە، ئەوەی کە دەیبینین... دروستە کە ناتوانێ پرۆسەکە تەوزیح بدا، یانی پرۆسەی جیاوازی و یەکسانی...

راستە کە ئەبستمۆلۆژیا ئەوانەی هەیە، تەنانەت لەدواییدا تەعبیر لەوە دەکا، و دەڵێ هەر لەبەر ئەوەی کە پێوەرێکی ئەخلاقی و سیاسی بۆ وتار و پراکتیک بمێنێتەوە، ئێمە ناچارین جۆرێک لە واقیعیەتی خارجی قبوڵ بکەین، یانی لە دەرەوەی ئەنتۆلۆژیاییە... مەبەستم ئەوەیە ئەوانەی کە زانستی وەهایان هەیە، تێ دەگەن مەسەلەکە چییە، ئەوانەی کە بەشێوەیەکی عاتیفی شیفتەی ئەم شتانە بوون، فەلسەفە دەگۆڕنە سەر شیعر، لای ئەوان لایەنی ستاتیکی فەلسەفە گرنگە، نەوەک

لایەنی سیاسی و رەخنەگرانە، نە فۆکۆ و نەژاک دریدا، پشتیان لە پرۆژەی مۆدێرنیەتە نەکردووە، رەخنەی ئەساسیان لێی گرتووە، کێشەکانیان گوتووە، بۆ نموونە ژاک دریدا رەخنەی ئەساسی لە فەلسەفە (لە ئەفلاتونەوە تاوەکو ئێستاکە گرتووە) یانی میتافیزیک، میتافیزیکی حزورە میتافیزیکی ئیگزیتسن، هەڵبەتە ئەوەش تێڕوانینێکە لە نیچە وەری دەگرێ، چونکە ئەفلاتون تەنیا کەسێکە کە ئەو فەلسەفەی حزور یانی ئیگزیتسن بەو شێوەیە فەلسەفەی پاش خۆی ئەرستۆ و ئەوان قبوڵ ناکەن، کە پۆست مۆدێرنیزمەکان زۆریان پێ خۆشە (سودی لێی وەردەگرن)، هەروەها پۆست مۆدێرنیزمەکانی دەستی سێ هەڵە دەکەن، من وتارەکانیانم دیوە، تێ ناگەن کە ئەو سیمیلاکرۆن یانی چی؟ سیمیلاکرۆن، لێرەدا ئەوەیە کە ئاماژە بە کۆپییەکی دەکا، کە ئەسڵی نییە، ئەسڵەکەی نەک ئەوەی کە ببێ، بەڵام دەڵێ فەلسەفەی حزور کە جەخت لەسەر ژیان بە عینوانی بوون دەکات، جا بۆیە نیچە دەڵی، فەلسەفەی غەرب لە زەمانی ئەفلاتون را تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی بیست، دیالۆگێکە لەگەڵ ئەفلاتون، کە ئەرستۆ هات، (دەزانین ئەرستۆش چ کاریگەرییەکی لەسەر مەسیح هەیە) یانی تیۆلۆژی (تیۆلۆژی واتە بنەمای فەلسەفی دەدات بە ئسوڵی ئایین) ئەو کارەش لە رۆژئاوا لە ئەساسدا بە کۆمەکی ئەرەستۆ کراوە، لە ئیسلام دا کاریگەری نیۆ ئەفلاتۆنی و ئەرەستۆییەکان یەکجارە زۆرە، جا بگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە بە قسەکەیا واهاتە پێش هایدگەر و نیچە، دوو خاڵی وابەستەن و هایدگەر کاریگەری تایبەتی لەسەر دریدا هەیەو... هەڵبەتە نیچە کاریگەری لەسەر دریدا زۆر کەمە، گەر کاریگەریشی هەبێ لە رێگەی هایدگەرەوەیە، یان لە رێگای لیونیاس و ئەوانی دیکەوە. خوێندنەوەی دریدا جیاوازە لە خوێندنەوەی فۆکۆ بۆ نیچە، بەڵام هەردووکیان خاڵی وابەستەن لەو بابەتەوە کە هایدگەر و نیچە بۆ پۆست ستراکچرالیزم یان پۆست مۆدێرنەکان دەخەنەڕوو.. ئەوان باوەڕیان بە زانستی

ئەبستمۆلۆژیک نییە، ئەگەر ئەبستمۆلۆژی جیاوازییەکی دانابێ لەنێوان سۆبژێکت و ئۆبژێکت و جیاوازی دانابێ لەنێوان چەمک و ئەو دیاردەیەی کە چەمک پێناسە دەکات، جیاوازی دانابێ لەنێوان دەروون و دەرەوە، فەرقی دانابێ لەنێوان رۆح و لەش و، ئەوان باوەڕیان پی نییە... جا دەبینین لە پۆست مۆدێرنی بێ سەواد، بەو مانایە کە کاتێ دەڵێم، ئەو دوالیزمە یان هەموو شتێ بەو جۆرەی کە هەیە، یان هەموو شتێ لە دیسکۆرسدایە ئەوان دێن وەکو ئەوەی کە واقیعەت نەبێ، واقیعی ئۆبژێکتیک، چەند لە مارکسیزمدایە، یان چەند لە مۆدێرنیەتدایە –وەک زانستی ئەبسمۆلۆژیک رەتی دەکەنەوە.

بەڵام بۆ دریدا یان تەنانەت نیچەو هایدگەریش ئەوە دەلیل نییە کە هەقیقەت نییە، ئەوان دەڵێن هەقیقەت هەیە، واقیع هەیە، بەڵام دەڵێین، واقیع لە (هەقیقەت) دا نییە، واقیع هەقیقەتە لە گوتاردا، ئەو بەیانەش بە چەمکی تیۆری دەکرێ و ئەو چەمکانە کاتێ کاریگەر دەبن لەو بەیانەدا، بەو مانایە کە بەیانکردنی واقعیەت لەگەڵ خودی واقعیەت یەک نییە...بەڵام بەو مانایە نییە کەواقعیەت وجودی نییەو هەقیقەت وجودی نییە ئێمە گەر تەفسیری بکەین دەڵێین لەلایەکی (رێڵ)مان هەیە، لەلایەکی (فاکت)مان هەیە. فاکت بەیانی واقعیەتە لە گوتاردا... جا بەیانی واقعیەت لە گورتاردا، هەمیشە بە ئامرازی تیۆری دەکرێ، بە چەمکەکان دەکرێ.. ئەو چەمکانەش بۆ خۆیان لە وتاری دیکەدا هاتوون، لە هەلومەرجی دیکەدا و لەوتاردا پێکەوە نوساون. هەربۆیە (فاکت) هیچ کاتێ ناتوانێ لەگەڵ واقعیەت ببێتە یەک، وەک (فاکت) رێپرێزێنتێشن واقعیەت لە دیسکۆرسدا، یانی بەیانی واقعیەتە لە وتاردا، هەربۆیە مێژوو نووسان ئەو هەڵەیە هەمیشە دووبارە دەکەنەوە (وا دەزانن کە مێژوو لەگەڵ رابردوویەکە)، نەخێر یەک نییە مێژوو رێپرێزنتێشنی رابردووە لە دیسکۆرسدا، هەر بۆیە گەر سەد هەزار بەڵگەش بهێننەوە، هەر ئەوە رێپرێزنتێشنی

گشتییە، بەڵگە بۆ خۆی عەقدە، بەڵگە بۆ خۆی کامستراکتێکە لە دیسکۆرسدا. بۆ نموونە (١٠) مێژوونووس، (١٠) بۆچوونی تیۆری جیاواز، دەتوانن یەک بەڵگە بخوێننەوە، و (١٠) ئەنجامی لێی وەرگرن.

***کەچی مێژووەکەش خۆی لە واقیعدا شتێکی ترە؟**

– بەڵێ شتێکی دیکەیە، ئەوە بەو مانایە نییە کە واقعی نییە، ئەوە بەو مانایەی کە ئێمە گوتمان واقعیەت بۆ خۆی بەیانە، واقعیەتەکە بۆ ئێمە قابیلی دەسترەس نییە، چونکە هەر تەفسیرێک کە دەکرێت بۆ خۆی بەیانی واقعیەتە.. هەروەها جیاوازی نێوان چەمک و واقعیەت، لە راستیدا، تەفسیرەکەیە، بۆیە کە دەڵێم، پۆست مۆدێرنی کەم سەواد.. دەڵێن، هیچ واقعیەتێکی کۆمەڵایەتی نییە، هیچ واقعیەتێکی سیاسی نییە، ئەوە بە باوەڕی من حەماقەتێکی گەورەیە، کە تێ ناگا لەو مەسەلەیەی، کە واقعیەت هەیە، بەڵام ئێمە ناتوانین دەستمان پێ بگا، چونکە زانست لە واقع دا هەمیشە ئەساسی ئەو چەمکانەیە، یان ئەو دیسکۆرسانەیە.

*یانی تۆ لەو بڕوایەدای کە هێشتا لە ململانێی فیکریدا مۆدێرنێتە دەست باڵاترە لە پۆست مۆدێرنێتە..

–هەڵبەت، دەبێ ئەوەش بڵێم کە من رێزێکی تایبەتی دادەنێم بۆ ئەو رەخنانەی کە پۆست مۆدێرنە رەسەنەکان لە مۆدێرنێتەی دەگرن، بەڵام من باوەڕم بەوە نییە ئەنجامی مەنتیقی ئەو رەخنانە بگاتە ئەوەی بڵێین پرۆژەی مۆدێرنێتە کۆتایی هاتووە، باوەڕیشم بەوە نییە، وەکو هابرماس دەڵێ ئەوە پرۆژەیەکی ناتەواوە، ئەمن لەگەڵ هابرماس نیم، بەباوەڕی من فۆکۆ و دریدا زۆر چاک ئەوە دەبینن.

هابرماس دەڵێ پرۆژەکە تەواو نەبووەو دەبێ بەردەوام بێ، کەچی فۆکۆ و دریدا دەڵێن، دەبێ پرۆژەکە دابمەزرێنرێتەوەو ئێمە دەبێ تەفسیرێکی دیکە بۆ عەقڵی سیاسی بکەین، عەقڵی سیاسی پێویستە تەفسیرێکی دیکە بۆ ئازادی و دەسەڵات و

کۆنترۆڵ بکاو تەفسیرێکی دیکە بۆ پێوەندی نێوان سۆبژێکت و دەسەلاتی سیاسی بکات، ئەوانە مەسەلەی ئەساسین.. نەوەک ئەوەی کە پرۆژەکە تەواو نەبووە. ئەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە پرۆژەکە هەڵەی گەورەی کردووە، بەلام ئەو هەلانە ناکاتە ئەوەی کە پرۆژەکە تەواو بووە، بەلام دەبێ پرۆژەکە دابمەزرێنرێتەوە.

*** با پرسیار لە ناسیۆنالیزم بکەین کە پێوەندی بە بابەتی پێشووشەوە هەیە. ئایا ناسیۆنالیزم کردەیەکی عەقڵانییە، دەستکەوتێکی مۆدێرنیتەیە؟**

– بەڵێ، یەکێ لە دەستکەوتە ئەساسیەکانی مۆدێرنیتەیە، لەگەڵ مۆدێرنیتە دێت، هەروەها یەکێ لە ئایدۆلۆژیا یان دیسکۆرسە ئەساسیەکانی مۆدێرنیتەیە، ناسیۆنالیزم مۆدێرنە لەبەر چەند هۆیەک.(١) ناسیۆنالیزم یەکەمین ئایدۆلۆژیایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە ئۆتۆریتە لە نەتەوەی دەزانێ (٢) ناسیۆنالیزم یەکەمین ئایدۆلۆژییایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە شەرعیەتی سیاسی نەتەوەی وەرگرتووە. لەوانەش گرنگتر خاڵی سێیەم: ئەمیش ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم یەکەمین ئایدۆلۆژیایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە نەتەوە دەکاتە سەرچاوەی یەککگرتوو لە یەکەی شەرعیەتی سیاسی.. لە پێش ناسیۆنالیزمدا، شەرعیەتی سیاسی ئیلاهی بوو، ئۆتۆریتەی قانونی حکومەت و دەوڵەت حاکمی بوو کە بەو شێوەیە تەفسیر دەکرا لە سەرەوەرا، لەلای ئیلاه پراکتیک دەکرا. بۆ نموونە دەیانوت، شا، نوێنەری خوایە، سایەی خوایە، بەقانونی خودا دانراوە، وەخودی ئەو پرۆسەیەش یەکیەتی و رێککەوتنی دەوڵەتی کەلیسابوو، چونکە سیکۆلاریزم نەبوو. هەروەها مەیدانی گشتی و تایبەتی پەرەپێ دا. کۆمەڵگای مەدەنی بەشێکی تری ئەو پرۆسەیەیە.

بۆ نموونە گەر سەرنج بدەین لە قسەی هێگڵ، لە (کتێبی حقوق)دا، دەڵێ کۆمەڵگای مەدەنی دەستکەوتی مۆدێرنیتەیە. بێ گومان نەک بەو مانایەی کەکۆمەڵگا لەپێشدا نەبوو، بەڵکو مەبەست کۆمەڵگای مەدەنی تازەیە و بە قسەی ئەو ئەوانە

جۆرێکن لە حدوود و سنووری دەسەلاتی سیاسی، ئێمە لە مۆدێرن بوونی ئەمە باش تێ دەگەین. گەر بێینە سەر ئەو مەسەلەیەی تەفسیری هێگڵدا، لە پاشان لە تەفسیری مارکسیشدا، نەتەوە فۆرم و شێوەی سیاسی کۆمەڵگای مەدەنییە، جا ئەو فۆرم و شێوە سیاسییە چۆن دێتە پێش، ئەوەیە ئامانجی سیاسەتی نەتەوایەتی ناسیۆنالیزم کە سنووری کەلتوری نەتەوەیی لەگەڵ سنوری سیاسی نەتەوەیی یەک بخا، و ئەو یەککگرتنەش لە چوارچێوەی قانونی و سیاسی دەوڵەتی نەتەوەیی دایە. کاتێ کە دەڵێین نەتەوە، فۆرمی سیاسی کۆمەڵگای مەدەنییە، بەو مانایەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی گەر مۆدێرن بێ و لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرن دێتە پێش و لەگەڵ فۆرمی سیاسەتەکەی پێکەوە بەستراون.

مارکسیزم بە باشی لەمە تێدەگا، بەلام رەخنەی هەیە، بۆ نموونە، ئەوە قبول دەکا کە نەتەوە فۆرمی سیاسی کۆمەڵگای مەدەنییە، ئەوەش قبول دەکا کە فۆرمە سیاسییەکەی لە یەککگرتنی سنوری کەلتووری و سیاسی نەتەوە سەرچاوە دەگرێ، لە چوارچێوەی دەوڵەتی میللی دایە، بەلام چونکە مارکسیزم دەوڵەتی میللی وەک دیاردەیەکی سەرمایەداری دادەنێ، باوەڕی بەوەیە کە دەوڵەتی میللی کە سەرخانی کاپیتالیستییە، وەکو خودی کاپیتالیزم شتێکی تێپەڕە... کە کۆمەڵگا بەرەو سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم دەڕوا. ئەو قۆناغەش تەواو دەبێ، کە تەواویش دەبێ دەوڵەتی میللی گرنگی خۆی لەدەست دەدات، بۆیە کە لە دیسکۆرسی مارکسیەت دا، میللەت هەمیشە شتێکی کاتییە، و چەمکی میللەتیش هەمیشە تابعی چەمکی چین و چینایەتییە.کەواتە ئەگەر بەو تەفسیرەی نێوان ئەقڵ و ئازادی کاربکەین بە پێی ئەو ئایندەخەزری نابن ئازادی بە پیرۆز بزانین.

*** دکتۆر کە مەسەلە سەنتراڵەکەی مۆدێرنێتە ئازادییە و ناسیۆنالیزمیش بەرهەمێکی مۆدێرنێتەیە، کەواتە پێوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و ئەو مەسەلە**

**سەنتراڵەکە ئازادییە چۆن گرێ دەدەی؟**

– دیدگای نەتەوەیی وەکو هەر دیدگایەکی دیکە دووبەشی هەیە، بەشێکی دەروونی و بەشێکی یەکسانییە کە ئەو بەشی دەرونییە، کەلتور، زمان، مێژوو و دابونەریتەو...هتد.

بۆ نموونە من دەڵێم (کوردی، دەکاتە (کورد) ئەوە یەکسانییەکانی روئیەیە.

ئەو یەکسانیانە مانایان ناوێت. ئەگەر لە بەرانبەر جیاوازییەکی دابنێین، ئەو جیاوازییە لە دەرەوەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو جیاوازییەیە کە ئەوە دیاری دەکا، وەک دەڵێین پێوەندی لەنێوان ئینسان هەیە، چۆنن کامەیان لە بونیاد و ستراکتۆری روئیەی نەتەوەییدا بەرز دەبنەوە. هەربۆیە دەڵێم بەو جیاوازییەی دەرەوە دەڵێم جیاوازییەکە دیاری دەکا، ئەگەر ئەوە بەرەو روئیەی نەتەوەیی یان تەفسیرێک لە ناسیۆنالیزم بێت کە ئەساسی ئیتنیستەیە. بە باوەڕی من مەسەلەی ئازادی لێرە تووشی کێشەیەک دەبێت، یانی ئازادی تەنیا بەجۆرێک سەروەری دادەمەزرێ، بەڵام ئەمە تەفسیرێکی تازەی ناسیۆنالیزمە، تەفسیرێکی مەدەنی ناسیۆنالیزمە.

ئەساسی ناسیۆنالیزم بەستراوەتەوە، بەکۆمەڵێک لە ماف و یاسای دیموکراتیک، کە ئەو ماف و یاسا دیموکراتیە لە مێژوودایە و لە مێژووشدا چارەسەر دەکرێ لە (ئێستا).. سیاسەتی ناسیۆنالیستیش لە وەدیهێنانی ئەو حقوقە دیموکراتیکە لە مێژوودا، لە رەوتی سیاسەتدا، لە رەوتی کەلتووریدا تێدەکۆشێ، هەروەها ئەو ماف و یاسایانەش بنەمای دیموکراتیکە.

ئەوکاتە ئێمە دەڵێین هەر شتێ، هەر رەگەزێک ببێتە رەگەزی بەرجەستەو زەقی روئیەی نەتەوەیی، ئەوەی کە سیاسەتی ناسیۆنالیستی دەباتە پێش، دیسان ئەو یاساو مافە دیموکراتیکەیە، یانی خەبات بۆ ناسیۆنالیستی، روئیەی نەتەوەی کورد و ئەو جیاوازیانە دیاری دەکا. ئەی ئەو جیاوازییانە مانای چییە؟

واتە جیاوازی کورد لەگەڵ تورک لەگەڵ فارس لەگەڵ عەرەب. سێ نەتەوە کە لە بەرانبەر ئەودا لە ئێران و عێراق و تورکیادان. بۆ نموونە دەبینین لە جێگایەکی وەک تورکیا رەگەزی زمان زۆر زەق دەبێتەوە، لە جێگایەکی دیکە، لە هەلومەرجی تایبەتیدا، بۆ نموونە ئایین، مەزهەب زەق و بەرجەستەیە وەلی مەسەلەکە ئەوەیە کە هەرچییەک، تەعبیر و وەرچەرخانێک لە ستراکتۆری روئیەی نەتەوەبێت. ئەو روئیەی نەتەوەییە لە بنەمای دیموکراتی خۆیدا ناسیۆنالیزمی سیڤیلە، ناسیۆنالیزمی سیڤیل نە بە ئەساسی ئیتنسیتە تەعبیر دەکرێ، نە بە ئەساسی زمان و کەلتور و ئەوانە... ئەوانە ئەساسی روئیەن. ناسیۆنالیزمی سیڤیل بەرەو ئەوە دەڕوا کە لە سەر چەمکی هاولاتی دیموکراتی راوەستێ، ئەو چەمکی هاولاتی دیموکراتیە، مەبەست ئەوە نییە کاتێ کە ئەوە دانرا تەواو دەبێ، خەبات کۆتایی دێت. دامەزراندن مومکینە پێویستی بە خەباتی نیزامی هەبێ یا دەبێ خەباتی سیاسی یان کەلتوری و فەرهەنگی بۆ بکرێ. ئێمە ناتوانین چەمکی هاولاتی دامەزرێنین بەبێ ئەوەی کە دەسەلاتی سیاسی خۆت یان قانونی ئەساسی خۆت هەبێ. هەروەها ناسیۆنالیزمی سیڤیل، ئەوە کۆمەڵگەیەکە، میللەتێکە، ئەو مافانەی هەیە، ئەو مافانە دەبێ وەربگیرێ و لە چوارچێوەی ئەو چەمکی هاولاتی دیموکراتیکە وەردەگیرێ. هاوولاتی دیموکراتیک یەکێ لە بنەماکانی ئەوەیە کە بە ئەساسی حقوقی دیموکراتیک دەناسێنرێ، نەک بە ئەساسی ئیتنسیتە و ئەو شتانە، بۆ نموونە کاتێ کە دەڵێین ئێرە کوردستانی ئازادە، ئەو کوردستانی ئازادە بۆ تۆش ئازادە، بۆ مەسیحیەکەش ئازادە، بۆ کلدانیەکەی بۆ تورکمانەکەی، ئیتنسیتەنابێ ببێتە رێگری ئازادی مافی ئەوانە، بۆیە دەڵێم بەرژەوەندییە کە ئیتنی نییە، بەرژەوەندییەکە دیموکراتیکە، لێرە لە کوردستانی عێراق لەم هەلومەرجەی ئێستادا، حقوقی کوردی لە دەستکەوتنی خاکەکەی بەستراوەتەوە، ئەوە عەردەکەیەو خاکەکەیە. ئەو بۆچوونە لێرەدا پێویستە.. بە

باوەڕی من باشـە، ئەوە تایبـەتمەنـدییـەکە، بۆ نمـوونە ئەگـەر تۆ ئەو کـارەت کرد، ئەو کارەش چووە نێو قـانونی ئەسـاسـیـەوە، یەکێ لە مـەرجـەکانی ئەوەیە کە کوردەکان دەبێ هەمیشە کۆنترۆڵێکی تەواویان لەسەر هێزە نیزامیەکانی خۆیان هەبێ. بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا عەینی ئەو سیاسەتە لە تورکیا پیادە ناکرێ، ئەگەر پیادە بکرێ دەبێ سەد ساڵی دیکەش شەڕ بکرێ. بە باوەڕی من لە تورکیادا نابێ حقوقی کورد بە کۆنترۆڵی خاکەوە ببەسترێتەوە. کاتێک دەڵێم چەمکی هاوڵاتی دیموکراتیک یانی چەمکی هـاوڵاتی دیموکراتیک بۆ ئەوەی هـاوڵاتی بوون حـقـوقـێکی دیموکـراتیک بێ، پێوەندی من لەگەڵ دەوڵەت دەردەخا، وەزیفەکانی دەوڵەت سەبارەت بە ماف چییە؟ وەزیفەکانی من سەبارەت بە دەوڵەت چییە؟.

*** یانی لە تورکیادا، داخوازی و دروشمی ناسیۆنالیستی کوردی وەک نموونە، لەم قۆناغەدا نەبەسترێ بەخاکەوە، بەقەد ئەوەی ببەسترێ بە دیموکراسی و هاوڵاتی بوونەوە.**

– ئەوە دەبێتە هەنگاوی یەکەم، تۆ کۆمەڵگایەکت هەیە کە لە مافەکانی مەحروم بووە، تۆ دەبێ ئەو شتانە دروست بکەی، ئێستاکە تۆ بێی بڵێی من ئەو مافانە بەو خاکەوە دەبەستمەوە.....

*** یانی دەبێ شەڕ بەردەوام بێ؟.**

– بە باوەڕی من فۆرمۆڵەی کوردستانی عێراق بۆ ئەوێ ناشێ، ئەوەی ئێوەش لەوێ تێک دەچێ. ئێمە ئەوە ناهێنینەوەبیرمان کە کوردستان دابەش کراوە، روئیەی کوردی دابەش کراوە، سیاسەتی کوردی پارچە پارچەیە، تایبەتمەندییەکانی کەوتووەتە ژێر تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتەکانی دیکە، ئەو تایبەتمەندییانە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ، ئەو شتەی لە تورکیا دروستە، لە ئێران دروست نییە، ئەو شتەی لە عێراق دروستە، لە ئێران دروست نییە، (مومکینە هەشبێ)، بەڵام مەبەستم ئەوەیە لە

هەر جێگایەک کورد بەدوای فۆرمۆلێک بگەڕێی، بەلاّم بێ فیکرێکی موتلەق.

لە تورکیا خەبات بۆ چەمکی هاولاّتی دیموکراتیک، با هەر ئیتنیکی لەسەر نەبێ، زۆر ئەساسی و گرنگە، بە باوەڕی من لە تورکیا مەرجێکی ئەساسی ئەوەیە کە دەبێ ریفۆرمێکی دیموکراتیک لە قانونی ئەساسی تورکیادا بکرێ، لە هەمووی گرنگترە. هەروەها با ئەوەش بلێین ناسیونالیزمی تورک و عەرەب و فارس ئەمانە هەمووی دیاردەی تازەن. ئەوە لەگەڵ مۆدێرنیتە هاتن بەشێکی خۆی و تایبەتمەندی مۆدێرنەی ئێرەشیان هەیە، بۆ نموونە یەکێ لە تایبەتمەندییە ئەساسییەکانی مۆدێرنیتە ئەوەیە کە لێرە (لە ئێران و تورکیا بەتایبەتی)، دەوڵەت دەبێتە نوێنەری ئەو عەقڵە، ئەو عەقڵەش حاڵەتی رەخنەگرانەی خۆی لەدەست دەدا، و هەر شتێکیش لە دژی ئەو دەوڵەتە راوەستێ، دەڵێن ئەوە خورافاتە و یاخیگەرییە، لەبەر ئەوەشە کە لە تورکیادا سالاّنێکی درێژە مەسەلەی کوردیان بە خورافات و ئەو شتانەوە بەستووەتەوە، بۆیە دەبینین بزاوتە کوردییەکان بەتایبەتی لە تورکیا رۆڵی ئاینی تێدایە، نەک بەو مانایەی کە ئاین دەبێتە ئایدۆلۆژی، بەڵکو ئاین دەبێتە ئامرازێکی موخالیف لەگەڵ دەوڵەتێک کە خۆی بە نوێنەری عەقڵی مۆدێرن دەزانێ، بەلاّم عەقڵی مۆدێرن، عەقڵی رەخنەگرە، دەبینین کاتێ دەوڵەت دەبێتە نوێنەری ئەو عەقڵە، دەبێتە عەقڵێکی بیرۆکراتیک..

*دکتۆر وەک جەنابت ئاماژەت پێکرد، ناسیۆنالیست کاتێ کە دەبێتە دەسەلاّت، دەرگاکانی رەخنە دادەخا و لەوێوە نەک تەنیا رەخنەکانی ناو خودیی گروپی ناسیو نالیستەکە دادەخا، بەڵکو هی دەرەوەشی پێ قبوڵ نابێ، لەو حاڵەتەدا گروپە ئیتنی و ناسیونالیستەکان کە هاو سنووری یەکترین چۆن لەگەڵ یەکتری دەژین؟

-ئەڵبەتە، یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ناسیونالیزمی نوێ ئەوەیە کە کاتێ دەوڵەتێک بە وجودی دەسەلاّتی سیاسی ئەو کارە دەکا، بەرەو ئەوە دەچێ سیاسەت بخاتە ژێر سەیتەرەی خۆی. لە ناسیۆنالیزمێک کە لەسەر ئەساسی ئیتنی دانرابێ،

ئەو بۆچوونە یەکجار زۆرترە، جا کاتێ کە دەوڵەت دێتە سەر کار، ئەوانە دێن لە دەستوری خۆیاندا روئیەی دەسەڵاتی سیاسی لە روئیەی ئیتنیکی باڵا دەست وەردەگرن، کە ئەمەش بووبەیەک، کێشە بۆ چەمکی هاولاتی دیموکراتیک دروست دەبێ، جا ئەو کاتە حدود و سنوری مەیدانی سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی هەمووی ئەو ئیتنیسیتەی باڵا دەست دروست دەکا..وە هەر شتێک و هەر کەسێک لە ناوەوە نەبێ و لە دەرەوەبێ ناتوانێ ئەو مافەی کە هەیەتی دەستەبەری بکا، دەکرێ هەیبێ، بەڵام بە مەرجێ ئامادەبێ روئیەی ئیتنیکی خۆی دابنێ و روئیەی ئیتنیکی نەتەوەی باڵا دەست قبوڵ بکا.

هەروەها کاتێ کە بنەماکانی دیموکراسی دەبنە ئەساسی شەرعیەتی دەوڵەتی میللی، ئەو حاڵەتەی کە دەسەڵاتی سیاسی بەرەو یەکدەست کردنی تەواوی کۆمەڵگا دەڕوا زیاتر دەبێ، جا بۆ ئەوەی ئەوە رونەدا، ئێستا تیۆریستە سیاسیەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن کە چەمکی دیموکراسی لەسەرڕا دابڕێژنەوە.

ئەوان دەڵێن، ئێمە دەبێ دیموکراسی بە جۆرێ دابڕێژینەوە، کە حاڵەتی تەمایلی بەیەکسانی کردنە لەنێوبچێ. جۆرێک بێ کە بتوانێ جیاوازییە ئیتنیکی و زمانی و کەلتورییەکان و تەنانەت ئایینییەکان بپارێزێ.. هەر بۆیە ئێستا یەکێ لە گرفتە ئەساسییەکان لە تیۆری زانستی سیاسی ئەوەیە کە چەمکی دیموکراسی دیموکراتیزە بکەن، یانی بتوانێ جیاوازی ئیتنی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی لەبەرچاو بگرێ، ئێستا لە دەوڵەتە رۆژئاواییەکاندا یەکدەستی ئیتنیک و رەگەز و زمان بەو شێوەیە نەماوە. بۆ نموونە لە ئینگلیز، ئینگلیزێکی رەش پێست هەیە، ئینگلیزێکی سپی پێست هەیە، ئینگلیزێکی زەرد پێست هەیە، ئێستا لە لەندەن (١٣٠) زمان هەیە، دیارە کە دیموکراسی ناتوانێ پێوەندییەکی تایبەتی بۆ (١٣٠) زمان دابنێ، بەڵام دیموکراسی دەتوانێ هەلومەرجێک بهێنێتە ئاراوە کە هەموو ئەو

کەسانەی کە هەریەکێ بە ئەو (١٣٠)زمانە قسە دەکا، هەمووی ئینگلیزی قسە بکەن، بەڵام هەموو جیاوازییەکانی زمانی خۆیان و ئیتنیستەی خۆشیان بپارێزن.. هەربۆیە کە ئێستا تیۆری ماڵتیکاڵچرالیزم یانی چەند کەلتوری و چەند میللەتی زۆر باوە، چونکە چەمکی دیموکراسی کلاسیک ناتوانێ ئەو جیاوازییانە رەچاو بکا. بۆیە پێویستە لە ئەمڕۆدا سەر لەنوێ دابڕێژرێتەوە. لە دەوڵەتەکانی ئەو ناوچانەی دەوروبەری ئێمەش ئەمە هەیە.

بۆ نموونە ئەگەر ئێستا کە قانونی ئەساسی و دەستوری کە بۆ عێراق دادەنرێ.. ئەگەر ئەو جیاوازیانە بە هەند وەرنەگیرێن، هەرچەندەش جەخت لەسەر دیموکراسی بکرێ، بەدڵنیاییەوە گرفت و کێشەی گەورە دەمێنێتەوە، جا لەبەر ئەوەی کە کاتێ ناسیۆنالیزمی سیاسی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە گرت و دەوڵەتەکەی دامەزراند و حکومەتی هێنایە سەر کار و، ئەو کات دەبێ دەستورێکی ئسوڵی و یاسایی دابنێ تا ئەو جیاوازیانە بپارێزێ. جا ئەوەش یەکێ لە ئەساسی کارەکانی ئەوەیە کە لە قانونی ئەساسی، دەسەڵاتی سیاسی روئیەی ئیتنیکی پێ نەدرێ، واتە گەر لە عێراق روئیەی ئیتنیکی عەرەب یان کورد ببێتە قانونی ئەساسی و دەسەڵاتی سیاسی، ئەوە ئەو روئیەی ئیتنیسیتە لە بەردەم کارکردنی کامڵی دیموکراسی رادەوەستێ. بۆیە لە دەوڵەتی نەتەوەیی دیموکراسی مۆدێرنەدا ئەو جیاوازیانە لەبەر چاو دەگیرێ.

*دکتۆر تاوەکو ئێستاش ناسیۆنالیستی تورک و عەرەب و فارس ئەو دیموکراسییە کلاسیکەشیان پیادە نەکردووە، ئیتر چی رەچاو بکەین بۆ ئایندەیەک کە بتوانن ئەمانە دیموکراسیەکی دیموکراتیزەکراو رەچاو بکەن..

-هەڵبەتە هەموویان یەک نین، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین (لە هەندێ لایەنەوە) لە تورکیا دیموکراسیەکی کلاسیک هەیە، بۆ نموونە خەڵک بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی، لە هەڵبژاردن.. یان پەرلەمان بتوانێ حکومەت بگۆڕێ..بەڵام هێشتا

ئیحترام بۆ جیاوازییە ئیتنیکیەکان دانانرێ و ئەو جیاوازییانە رەچاو ناکرێت.. دروستە کە لە ئێران دیموکراسی شکستی هێناوە، لەنێو عەرەبەکان بە تەواوی شکستی هێناوە، پێم وایە ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە کە بڵێین ئەوە تایبەتمەندی زاتی فارس و عەرەبە کە لەگەڵ دیموکراتی نایەتەوە، چونکە هیچ خەسڵەتێکی تایبەتی لە کەلتوورێکی دیاری کراو نییە دیموکراتی بێ یان دژە دیموکراتی بێ.. بە باوەڕی من گەر بمانەوێ هۆی ئەو دیاردانە ببینین، دەبێ بۆ تایبەتمەندی سیاسەت و کەلتوور و کۆمەڵایەتی ئەو دەوڵەتانە لەنێو (٦٠-٧٠) ساڵی پێشووتر بگەڕێن بزانین بۆ وای لێ هاتووە بۆ ئەو دەوڵەتانە مۆدێرنێتەیان لەگەڵ مۆدێرنیزم یەککگرتووە. لەدوایدا مۆدێرنیزم، چونکە بناغەی ئابوری پتەوو پایەداری نەبوو و نەیتوانیوە بە تەنیا ئەو کارە بکات، یان دەسەڵاتی سیاسی ئەو بۆشاییەی لە دەسەڵاتی ئابووری پڕکردووەتەوەو کە ئەو بۆشاییەشی پڕکردووەتەوە کۆنترۆڵی لەسەر کۆمەڵگا یەکجار زۆر بووە، تەواوی ئەو ئسوڵەی کە دەتوانێ کۆنترۆڵ لە دەسەڵاتی سیاسی دابنێ وەلانراوەو هەموو شتێ بووەتە فیدای جۆرێ لە مۆدێرمایزێشنی دیکتاتۆریانە. بۆیە دەبێ لە تایبەتمەندییەکانی مێژووی خۆیان بگەڕێی، هەروەها لە کەلتوورەکەیان، چونکە تایبەتمەندی کەلتوورەکان شتی وامان پێ ناڵێن، بۆ نموونە کەلتووری ئەڵمانیا، کانت و هێگڵ و مۆزارتی هەیەو لەم لاشەوە هیتلەری هەیە. دەبێ سەیری مێژووی تایبەتمەندی ئەو کەلتوور و سیاسەت و کۆمەڵگایە بکەین بزانین ئەمانە چۆن گەشەیان کردووە.

*** باشە دکتۆر ئەو سێ نەتەوەیەی کە باسمان کرد هەرسێکیان کۆک و رێککەوتوون لەسەر ئەوە کە نەتەوەیەک هەیە ناوی کوردەو رێگە نەدەن کە مافی ئیتنی و کەلتوری و سیاسی خۆی هەبێ، ئەمە پێت وایە بەرهەمی سیاسی ئەو نەتەوانەیە، یان دیسانەوە دەکرێ پرسیار لە سروشتی ئیتنیک بکەین کە قبوڵی نییە**

**ئیتنیکی تر لە تەنیشتی بێت و بژی؟**

– بە باوەڕی من ئەوە لەسەر تایبەتمەندی دروست بوونی دەوڵەتی میللی دەوەستێ، کاتێ ئیتنیسیتەی میللەتێک دێت بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەت، لەبەر ئەوەی روئیەی میللی و شوناسی میللی خۆی پێناسە بکا و لەویادا روئیە و شوناسەکانی دیکە رەددەکاتەوە لەو کاتانەی کە دەوڵەتەکانی تورکیا و عێراق و ئێران ویستویانە روئیەی میللی دروست بکەن، چ پرۆسەی سیاسی و نیزامیان، چ پرۆسەی کەلتووری و دروستکردنی روئیەی یەکگرتووی تورک یان ئێرانی یان عێراقی بووە، لە هەمان کاتدا ئەو پرۆسەیە رەدکەرەوەو ئینکاری کەری پرۆسەی روئیەی کوردیش بووە. هەربۆیە دەبێ پرۆسەی مێژوویی ببینین و بناسین، نەک بێین لە خودی ئیتنیسیتەی عەرەب و تورک و فارس بۆی بگەڕێین، ئەوە تایبەتمەندی پرۆسەی دروست بوونی دەوڵەتی میللییە بە ئەساسی ناسیۆنالیزمێکی ئیتینیک.

دەبێ ئەوەش بڵێین، لەو قۆناغەش کە ئەوان بەو پرۆسەیە هەڵسان، بە باوەڕی من کورد هەستێکی نەتەوەیی و روئیەیەکی نەتەوەیی وەهای نەبوو، کە پێش بەو پرۆسەیبگرن "دەزانم زۆرن ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان پێ ناخۆشە"، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٠٥ لە شۆڕشی مەشروتەدا، کورد بەشدار نەبوو، یان گەر بەشداریش بووبێ لە هەندێ جێگای کەم و لاواز بووەو لە هەندێ جێگای دیکەش لە دژی مەشروتە بووە، بۆیە کە سەیر نییە لە قانونی ئەساسی (١٩٠٥)دا "کە کەم تا زۆر قانونێکی دیموکراتیکە" باسی کوردی تیا نییە..

یان بۆ نموونە ئەگەر کورد لە ساڵی (١٩١٨تا ١٩٢٢) لە عێراق و تورکیا لە گەمەکە دۆڕان لەبەر ئەوە بووە کە سەرکردایەتی یەکگرتوویان نەبووەو ئەو هەستە نەتەوەییە بەو شێوەیە نەبووە، کۆمەڵگا لەڕووی ئابووری و کەلتوورییەوە ئەو گەشەیەی نەکردبوو، ئەمانە هەمووی پێویستن. دێمە سەر ئەوەی ئەگەر کورد

وەلانراوە و پەراوێز کراوەو رەدکراوەتەوەو تەنانەت چەوسێنراوەتەوە زوڵمی لێکراوە، ئەوە لەبەر ئەوەبووە کە کورد لە سێ پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتی تورک و عەرەب و فارس شکستی هێناوەو ئەوان بەرەو ئەوە چوون کە روئیەیەکی یەکگرتوو بە ئەساسی ئیتنیسیتەی نەتەوەیی بالا دەست بەرقەرار بکەن.. هەربۆیە ئەوەی لە تورکیا دەیبینین دەبێ لە تایبەتمەندی و پێکهاتنی و تەکامڵی دەوڵەتی کەمالیستی ببینین.

*** دکتۆر، نووسەر و توێژەر و موتابعی سیاسی لای ئێمە (لە کوردستانی عێراق)، پێشتر لەژێر کاریگەری زوڵم و زۆری شۆڤێنیەتی عەرەبی و حکومەتی عەرەبی بالا دەست و لەم سالانەی ئازادی عێراقیشدا جۆرێک لە پێشنیار دەکەن و دەڵێن ئیتر عەرەب سەلماندی کە ناتوانێ دیموکراتیزە بێت و ئێمە ناتوانین لەگەڵیانا بژین ئێمە پرۆسەیەکی دیکەی خۆمانمان هەیە..**

– بە باوەڕی من ئەمە باشە کە پرۆسەمان هەبێ بەلام دوو لقی هەبێ، من هەمیشە وام گوتووە لەپاش روخانی عێراق، هێزە کوردییەکان دەبێ لە دوو پرۆسەدا کاربکەن کە بەشێکی لە کوردستانەو بەشێکی لە بەغدایە. ئەو دووانە پێکەوە یەکتری تەواو دەکەن، باباسی ئەوەش بکەین کە گوایە عەرەب نیشانی داوە کە قابیلی ئەوە نەبێ کە دیموکراتیک بێ. ئایا عەرەبی عێراقی لە دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢٠ کە دروست بووە، چ دەرفەتێکیان پێ دراوە کە دیموکراسیان هەبێ. ئەوانیش وەکو ئەوانی دیکە چەوسێنراونەتەوە. راستە بەعس زوڵمێکی زۆری لە گەلی کورد کردووە، با سەیر بکەین بزانین چیان لە شیعەکان نەکردووە، لە خودی خۆیان لە سوننەکانیش، هەرکەس دەنگی هەڵبڕیبایە، دەنگیان دەبڕی، مەبەستم ئەوەیە کە توهمەتدانە پاڵ کەلتوورێک لەبەر ئەو کارانەی کە حکومەتەکەی کردوویەتی و بەناوی خەڵکەکەی و کەلتوورەکەی کردوویەتی دروست نییە، بە باوەڕی من ئەوە راست نییە

عەرەب نیشانی داوە کە ناتوانێ دیموکراسی بێت، چونکە عەرەب دەرفەتی ئەوەی نەبووە. دەبێ ئێمە ئەوە بەشێوەیەک ببینین کە دواتر ئێمە تووشی هەڵە نەبین. با سەیر بکەین ئەوەی لە ساڵی (١٩٩٠) بەسەر شیعەکانیان هێنا، ئەگەر خراپتر نەبێ چاکتر نەبووە لەوەی کە بەسەر کوردیان هێناوە. ئێمە دەتوانین بڵێین پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق شکشتی هێناوەو دەوڵەتەکەشی هیچ کاتێ نەیویستووە دیموکراتیک بێت. ئێستاکەش وەک دەبینن وەزعێکی تایبەتە، کە ئەو بارودۆخەش ئاوها هاتووەتە پێش، بەشێکی لەبەر هەڵە گەورەکانی ئەمریکایە لەپاش روخانی سەدام.

بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و ئیتنیانەی کە لە عێراق هەن وەک شیعەو سوننەو تورکمان و کورد ئەوانیش بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەوڵ دەدەن، هەڵبەتە کە ئەمە شتێکی ئاسایی نییە، بەلام لە سیاسەتدا سیاسەتێکە بۆ دامەزراندنی بەرژەوەندی قەومی یان ئاینی و کەلتوری و شتی وا دەبێ.

*** زۆر سوپاس د. عەباسی وەلی.**

**

*بیرمەندی گەورەی کورد ( **د. عەباسی وەلی** ) لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری مەهابادی رۆژهەلاتی کوردستان لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی میللی ئێران بەکالۆریۆسی وەرگرتووە و لەساڵی ١٩٧٦ لە زانکۆی کیل (Keele ) ماستەری لە زانستە سیاسییەکان وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٨٣ لە زانکۆی لەندەن دکتۆرای لە کۆمەڵناسی سیاسی وەرگرتووە و پاش وەرگرتنی دکتۆرا بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسی ( بیرک بێک کالیج) ی زانکۆی لەندەن سەرقاڵی توێژینەوەی بان دکتۆرا بووە و پاش وەرگرتنی بان دکتۆرا لە ساڵی ١٩٨٦دا لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی

وێلز مامۆستای تیۆری سیاسەت و حکومەتە. خاوەن چەندین بەرهەمی بە پێزە کە دەتوانین بە کورتی ئاماژە بەمانەی خوارەوە بکەین:

*** (ئێرانی بەر لە سەرمایەداری) کتێبێکە هەوڵدەدات بنەما تیۆریەکانی مێژووی ئێران لەسەردەمی بەر لە سەرمایەداری لە پانتایی میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەی تیۆریک بخوێنێتەوە.**

*** سەروەری سیاسی، شووناسی نەتەوەیی و دیالێکتیکی توندوتیژی لە کوردستان.**

*** مۆدێرنیتە و نەتەوە بێ دەوڵەتەکان.**

*** کورد و ئەوانی دیکە.**

*** سەبارەت بە ناسیۆنالیزمیش خاوەنی تیۆری ( ناسیۆنالیزمی مەدەنی )یە و لە بابەتی چاوگ و بنەچەی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوەیە وەک: ( دەسەڵاتی سیاسی و سەروەریی لە کۆماری کوردستان )،( پرسی کورد و قەیرانی سیاسی لە ئێران).**